# پەیامێك بۆ لاوان, هۆشدارییەك بۆ پارتی‌ویەكێتی...

بەشدار عەلی

bashdar_net@yahoo,com

لەهەر گەرەكێك دووسەنتەر بۆ كۆكردنەوەی لاوان‌و قوتابیان, لە هەرچەند كۆلانێك كۆمیتەو رێكخراوێك, هەر كۆمیتەو رێكخراوێك بەشێكی تایبەت بۆ خۆلْ كردنە چاوی قوتابیان‌و لاوان, لەهەربۆنەو مناسەباتێكی فەزهەبی‌وقومی بۆ كۆكردنەوەی زۆرترین گەنج‌و دەوریان,لەگەلْ دامەزراندنی دەستەو گروپ‌و رێكخراوو پرۆژەی جۆراوجۆر تایبەت بۆ ئەو لاوانەی كەلە دەسەلأت‌و حزبەكانی( یاخین)و لەنارەزایەتی بەردەوامدان... ئەمانە خزمەتی حزبەكانی ناسیۆنالیستی كوردییە دوای(یەكگرتنەوەی مالْی كورد) دوای رێككەوتنی ناچاری پارتی‌ویەكێتی لەژێر فشاری راستەوخۆی ئەمریكاو بۆ هەرچی زیاتر بەتالأنبردنی سامان‌و سەروەتی كوردستان‌و دابەشكردنیان لەنێوان خۆیان بەهەرشێویەك بێت بارەگاو سەربازگەكانیان لە دەڤەرەكانی ژێر دەسەلأتی یەكتر كردەوەو بەشێكی زۆری ئاراستەی رمەكانیشیان روو لە لاوان‌وقوتابیانن, كە زۆرینەترین توێژی هۆشیاری كۆمەلْگان وەنارەزیترین توێژیشن. بەتایبەتی ئەو لاوانەی لە ئەنجامی سەخت‌وژیان‌وبرسیەتی‌و بێ دەرەتانی وازیان لەخوێندن هێناوەو ئێستاش بێكار ماونەتەوەو هەروەها دەیانەوێت وەكو پیشەییان بۆ هەمیشە گیرفانی خالْی قوتابیان بقۆزنەوە. لاوان لە جیهانی پڕ لە خۆزگەو ئاواتەكانیان دابڕن‌و خواست‌و داواكارییەكانیان بە چەند شتێكی سادەو ساكارو ئیمتیازاتێكی ماددی كەم بڕێننەوە.

سەرباری هەموو ئەم هەولْە لەرزۆكانەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردی بۆ گێژكردنی لاوان لە خورافیاتی دینی‌و قەومی‌و هەولْیان بۆ بێ هۆشبوونیان, بەلأم لە ریفراندۆمی دەستووردا لاوانی كوردستان گەورەترین(نا) یان بەبەرنامەو پرۆگرامی‌و سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردی گوت و رێژەیەكی زۆر بەشداری ئەم گالْتەجارییەیان نەكرد.

بەلأم سەرباری ئەمەش, پارتی‌ویەكێتی كەوتنە بەر میكانیزمی تر بۆ دەستەمۆكردنی لاوان هەر لە رێكخراوی تواناسازی لاوان و پرۆژەی پەرلەمانی سەرشەقام‌و دامەزراندنی گروپ‌ودەستەی جۆراوجۆری تر بۆ هەمان مەبەست. چونكە دەزانن چ وەزعیەتێكیان بۆ لاوان پێكهێناوە و نارەزایەتیەكانی لاوانیش گەیشتۆتە لوتكەو دەیانەوێ ئەم نارەزایەتیانەش بەئاقارێكی تر دابەرن‌و لەباری بەرن. لاوانی ئەمرۆی كوردستان هۆشیارن‌و دەزانن كامە هێزو ئایدیا لەگەلْ حەزو ئارەزوو ئازادییەكانی ئەوان یەكدەگرێتەوە. دەبێت پارتی‌ویەكێتیش ئاگاداربن‌و دەرس لە تەجروبەكانی خۆیان وەرگرن چیتر ناتوانن بەكلأولەسەركردن‌و هەلْخەلْەتاندن‌و سەركوتكردن لاشەی بێگیانی خۆیان راكێشن.خواست‌وداواكانی لاوان ئاشكراو روونن, رۆژانە لە قسەو گفتوگۆ هەلْس‌وكەوتی لاوان هەستی پێدەكرێ, لاوانی كوردستان ژیانێكی پڕ لەخۆشی‌و رەفاهیەت و خۆشگوزەرانیان

**دەوێت, یاسای دەستوورێکی سیکۆلارو مەدەنیان دەویٚ, هەلاٚوردن‌و جیاوازی لەنێوان ئینسانەکان‌و دەسەلاٚتی میلیشیایی لەنێو هزری لاوان جێگای نابێتەوە, دەیانەوێت دین‌وبیروباوەڕەی مەزهەبی‌و قەومی لەسەر ژیان بیرکردنەوەیان لابچێت کە ڕۆژانە ژیان‌و ئازادی هەزار لاو بەخاك دەسپێریٚ, دەیانەوێت ستەمی قەومی‌و سەرگەردانی لەسەرسەری خەڵکی کوردستان نەمێنێت و دەوڵەتێکی سەربەخۆی مۆدێرن دابمەزرێت. ئەمانە خواستی ڕاستەقینەی لاوانن نەك ئیمتیازاتێکی ماددی‌وکاتی,بۆیە ئەم پیلان‌و سیاسەتانە ناتوانێت ئۆزقاڵێك لەم ماف‌و خواستە سادەوساکارانەی خۆمان دوورمان بخاتەوە. ئیتر وا باشترە ئاسنی سارد مەکوتنەوە. زۆرتان ڕۆژە ڕەشی بەسەر لاوانی‌کوردستان هێناو بەهەزارانتان لە جەنگە بێماناکانتان بە کوشتدان, زۆرتان ئاوارەو دەربەدەر کرد, هەموو دەروازەکانیشتان بۆ دەست ڕاگەیشتن بەژیان‌و ئازادی‌و ڕەفاهیەت لەسەرداخستین. ئیتر پێویستە لەجەوهەی مەسەلەکان بکۆڵنەوە, بڕۆن دین لەپەروەردەو فێرکردن جیابکەنەوە, گەندەڵیی تالاٚنی بەرپرسەکانتان کۆتایی پیٚبهێنن, ڕێگر مەبن لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان, با کچ‌وکوڕانی لاو لە پارك‌وباخچەکان بەئازادی ژووان ببەستن, یاساو دەستووری مۆدێرن‌وشارستانی لە دادگاکان کاری پێبکەن.... ئەمانە کێشەو گرفتی ڕاستەقینەی لاوانن بۆیە هەوڵەکانتان ئەنجامێکی نابێت.**